# دیاره تورکمان زۆرینەی عێراقە!!!

**ئەمیر داود**

**شەوی ۲۰۰۳/۱/۱٤/۱۳ لە تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانی** ANN **عەرەبی گفتوگۆیەك لەسەر عێراق سازکرا لەژێر ناوی** (العشائر والاقلیات في المعادلات العراقیة المستقبلیة) **لە بەرنامەی** (قنادیل في الظلام) **لەم گفتوگۆیە سێ بەڕێز راستەوخۆ بەشداربوون ئەوانیش بەڕێز بەهرام زیا لە رێکخراوی نەتەوەیی ئاشوری هەروەها عەزیز قادر سەمەنچی نوێنەری بەرەی تورکمانی عیراقی هەروەها بەرێز ئالا تاڵەبانی نوێنەری یەکێتی ژنانی کوردستانی عێراق. لێرەدا من گلەیی ئەوەم هەیە کە نەدەبوایە ئالا خان بەشداری ئەو گفتوگۆیەی بکردایە چونکە گفتوگۆیەکە خۆی لەخۆیدا باس لە ئەقەلی دەکات لێرەش کورد ئەقەلی نییە لە عێراقدا بەڵکو سەرچاوەیەکی زۆرینەی عێراق لە کورد پێك دێت، دووەم زۆر گوناهە کوردێك لەگەڵ ئەو عەزیز سەمەنچییەی میتی تورکی لەسەر یەك مێز دابنیشی چونکە ئەو کابرایە کۆمەڵە قسەیەك فێرکرایە لە هەر دانیشتن و مناسەبەیەك دووبارەیان دەکاتەوە. ئەو کابرایە میللەتی کوردی بە ئەقەلی لە عێراق دادەنێت تورکمانی بەژمارەی یەکەم دەهێنی، خوا خێری هەندێك دۆستانی کورد بنووسی کە بەشداری مێزگەردەکەیان دەکرد دوو قسەی خێریان بۆ دەکردین ئەگینا ئالا خان نەیتوانی بۆ زەرەیەکیش بەرگری لە ناوەکەی خۆی و میللەتەکەی بکات مەبەستم ناوەکەی خۆی (ئالا) یە کە نەیتوانی لە پرسیارێکی د. محەیەدین ئەللازقانی کە وتی ئەم ئالایەی کە لە وێنەیەك دەردەچوو وێنەی ئالای کوردستان بوو کە پێشکەش بە بەرێز (موعەمەر قەزافی) سەرۆکی لیبیا کرابوو بەمانای ئەوە نایەت کە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیتان هەیە، بەڵام ئالا خان لە وەڵامدا بڕوا بکەن رەنگە ئێستا خۆشی لەبیری نەمابی چونکە نەزانی چۆن وەڵامی دایەوە.**

**لە تەلەفۆنێکدا هاوڵاتییەکی فەلەستینی بەشدار بوو پرسیارێکی لە عەزیز سەمەنچی بەناو نوێنەری بەرەی تورکمانی کە بەلای من نەدەبوایە بەشدار بێت چونکە بەقسەی ئەو تورکمان ۳ ملیونە لە کوردستانی عێراق ئەی چۆن بەشدار دەبێت لە بەرنامەیەك کە باس لە ئەقەلییەت بکات، لە پرسیارەکەی هاوڵاتییە فەلەستینیەکە وتی ئەگەر تورکمان لە کوردستانی عێراق ۳ ملیۆن بێت ئەی قومی کورد و عەرەب و ئاشوری چەندن لە کوردستانی عێراق چونکە ئەم ناوچەیە ژمارەی هەر دەگاتە سێ ملیۆن، بەڵام مام عەزیز وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە چونکە وەڵامی ئەو پرسیارەی لەبەر نەکردبوو خۆشی نیدەزانی ئەو رەقەمە هەر لە کێ هاتووە چونکە ئەو هەر ئەوای لەبەرکردیە لە هەموو مێزگەردەکان دەیڵێتەوە، ئەگەر نا خۆشی و بەرەی تورکانیش چاك دەزانن ئەو رەقەمە خەیالییە، ئالا خانیش لەو کاتە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە بەڵام ئالا خانیش لێرە مەعزورە چونکە مام جەلال لە ئەنقەرە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ سەنعان قەسابی بەناو سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە پرسیارێکی رۆژنامەنووسێکی رۆژنامەی حوریەتی تورکی وتی تورکمان ۷۰٪ شاری کەرکوك پێك دێنێت کەچی مام جەلال هیچ قسەیەکی نەکرد، ئەی باشە مامە گیان ئەوە چۆن قودسی کوردستانە؟!!**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیمان بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە بەڵام بەهۆە بڕوابوئمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگایە ......... ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.. ۱۵-۱-۲۰۰۳......